## کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

**Kurdistan National Congress (KNC)**
**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**
**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**
**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**


# لەبەرامبەر تاوانەکانی
# رژێمی دڕندە وداگیرکەری ئێراندا،
# درۆشمی:
# "بەرەو یەکێتیی نەتەوەیی و، سەربەخۆیی بۆ کوردستان"،
# تاکە وەرامی بەجێ و نەتەوەییە!

**هاونیشتمانانی هێژا و تێکۆشەر!**

هەروەک ئاگادارن، رژێمی خوێنرێژ و داگیرکەری ئیسلامیی ئێران، لەدرێژەی دەسەڵاتدارێتیی نگریس و نامرۆڤانەی بەسەر گەلی کورددا، لاپەڕەیەکی رەشی دیکەی خستەسەر تاوانەکانی بێئەژماری و، سەر لەبەیانی دوێنێ چوار تێکۆشەر و ئازادیخوازی کورد بەناوەکانی **فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەمهوولی**، لەگەڵ کەسێکی ئێرانیی بەناوی **مێهدی ئیسلامیان**، لەزیندانی **"ئڤین"** لە تاران گوللەبارانکران.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی کە بەردەوامیی حکوومەتەکەیان لە دیکتاتۆری و گرتن و، گوللەبارانکردنی ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورد و ئێرانیدا دەبینن، لەداهاتووشدا تاوانی لەم چەشنە بەرامبەر رۆشنبیران و خەباتکارانی گەلەکەمان ئەنجامدەدەن. لەبەر ئەوە، پێویستە لەبەرامبەر سیاسەتی رەگەزپەرستانە و نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامیدا، تێکڕای پارت و حیزب و رێکخراوەی سیاسی و رۆشنبیران و، نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی پێشانبدەن و، لە وڵاتانی ئۆروپا و ئەمریکا خۆپێشاندان رێکبخرێ و، دەنگی نارەزایەتیی گەلی کورد بەگوێی ئۆرگانەکانی نێونەتەوەیی و وڵاتانی ئازادی دنیا بگەیەنرێت.

**هەتا ئەورۆژەی گەلی کورد بندەستی داگیرکەرانی بێت، دەبێ هەموو رۆژێک شاهیدی رووداوی دڵتەزێنی لەم چەشنە بین. لەبەر ئەوە، تاکەرێگەی کۆتاییهێنان بە کوشتنوبڕینی رۆڵەکانی گەلەکەمان لەلایەن رژێمی دڕندەی ئێرانەوە، یەکگرتن و تەبایی و سازکردنی**

بەرەیەکی نیشتمانییە لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان و، لەدەوری درۆشمی خەبات لەپێناو رزگاریی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، وێڕای شەرمەزارکردنی ئەم تاوانە نامرۆڤانەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پرسە و سەرخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی ئەم شەهیدە سەربەرزانە و تێکڕای نەتەوەی کورد دەکات.

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەمهوولی، عەلی حەیدەریان و، هەموو شەهیدانی ڕێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان!**

**مردن و، نەمان بۆ رژێمی مرۆڤکوژ و داگیرکەری ئێران!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

9/5/2010

KNC | www.rojavatv.org.uk | knc@ribrahim.de
P.B. 205 Holmlia | post@kncsite.com | 0044 – 208 748 78 74
1204 Oslo, Norway | www.kncsite.com | 0047 – 9383 99 53